سزای زیندانی شەش ساڵ و سێ مانگ دژ بە چالاکوانی ژینگە پارێز و زیندانیەکی سیاسی پێشووی کورد درا



سزای زیندانی شەش ساڵ و سێ مانگ دژ بە مەهیار ئەحمەدی، چالاکوانی ژینگە پارێز و زیندانی سیاسی پێشووی کورد، لەلایەن دادگای پێداچوونەوەی تورکیا پشتڕاست کراوەتەوە.

مەهیار ئەحمەدی خەڵکی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە پاش ئەوەی لە هاوینی ساڵی 2023 لە هەوڵکیدا بە چوون بە ئەوروپا لە سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لەلایەن هێزە سنوورییەکانی تورکیاوە دەستگیرکرا، ڕووبەڕووی سزاکە بووەوە و ئێستا سزاکە لەلایەن دادگای پێداچوونەوەوە پەسەند کراوە.

بەپێی زانیارییەکان، مەهیار ئەحمەدی لە مانگی دووی 2017 لەلایەن هێزە ئەمنییەکان لە شاری سنە، دەستگیرکرا و ماوەی 30 ڕۆژ لە زیندانی تاکەکەسیدا بووە بەهۆی چالاکی ژینگەپارێزی لەگەڵ ڕێکخراوەکی ناحکومی سۆزدا.

دواتر دوای دوو مانگ بە کەفالەت ئازاد کراوە پاشانیش لە دادگای ئینقلابی ئیسلامی سنە بە تەمەتی پێوپاگەندە دژی ڕژێم حوکمی سێ مانگ زیندانی لەگەڵ حوکمی هەڵپەسەردراوی سێ ساڵی دیکەی بەسەردا سەپێندراوە.

لە مانگی نۆی ساڵی 2022 هاوکات لەگەڵ نازایەتییەکان لەسەر مەرگی ژینا ئەمینی بە شێوەیەکی چالاکانە شانبەشانی هەزاران خەڵکی تر بەشداری لە نازایەتییەکان کرد.

بەهێی بڕشداری کردنی لە خۆپیشاندانەکانی ئاسایشی کۆماری ئیسلامی ئێران هێیانکوتایە سەر ماڵەکەی و ئەمەش فشاری بە برد لە مانگی یازدەی 2022 هێبەت بە هەرەمی کوردستانی عێراق.

دوای ڕێیشتنی ئەحمەدی، خوشکەکەی وەک تاکە ئەندامی خێزانەکەی کە مابووەوە، چەندین جار لەلایەن دەزگای هەواڵگری ئێرانەوە بانگهێشت کرا و ڕووبەڕووی فشار بووەوە بە ئەوەی داوای گەڕانەوەی براکەی بە ئێران بکات، ئەمەش بەپێی دەنگی ئەمەریکا.